## بەیانیەک ئەحمەد دەشتی

بەیانیەک لە خەو هەستام
ئاسۆی بەرزی دوورم ڕوانی
دڵم پڕ بوو لە کڕێوەی خەم
گریە و شینم بە بەش زانی
دەرگای شادیم لێ داخرا
هەموو زامم ژیانەوە
لە ناو کێلگەی قەتماغەدا
هەموو برینم کولانەوە
بەیانیەک لە خەو هەستام
خۆم دایەدەست شنەی بەیان
تاهەلگرێ دڵی کولم
بمباتەوە شوێنی ژوان
ئەویش داخی توند تر کردم
بەرەو ڕێگەی دووری بردم
خەم و زامی پێوەرکردم
بە یانیەک لە خەو هە ستام
خۆم دایە دەست هیواکانم
بەورەی بەرزی شادی ژیان
ڕەواندیەوە خەمەکانم

*

www.kurdistannet.org